# پرسە دیار و نادیارە هزرییەکانی گۆران لە چامە شیعری ( بۆ بلبل ) دا

**پ .ی . د . حەمە نووری عومەر کاکی**
**زانکۆی سلێمانی / کۆلێجی زمان/ بەشی کوردی**

**الملخص**

یتناول هذا البحث الموسوم ب(الاسئلة الفكرية المعلومة ومجهولة فی قصیدة الی بلبل) من خلال تحلیل للابیات الشعرية تسلل الباحث الجوانب النفسية للشارعر فی صیاغة الجملة الاستفهامیةحیث تبین له بان بعضها واضحة ولایحتاج الی جواب . واما بقیة الجمل الشعرية الاستفهامیة تكون من أسئلة فكرية وفلسفية متعلقة بالكون والولادة الانسان والحیاةوالموت ومابعد الموت ، وكذلك تتضمن البحث قائمة بالمصادر والمراجع المستخدمة فی البحث و بترجمة البحث باللغتین العربیة و الانگلیزیة ختم البحث .

**Summary**

This research, Titled " The known and unknown intellectual questions to Bulbul ", is an analysis of the poems by Goran. The researcher investigated the psychological aspects of the structure in the formulation of the sentences, which showed that some of the questions were obvious and did not need an answer. The rest of the sentences are questions of thought and philosophy related to the universe, mankind, birth, life, death, and life after death. The research also includes a list of sources and references ,and a summary of the research in both Arabic and English.

**پێشەکی**

چامەشیعریی (بۆبلبل )، یەکێکە لە دەقە شیعرییە دیارەکانی گۆران و لەو بەرهەمە ناوازانەیە ،کە لەنێو دیوانەکەیدا و جێگای سەرنج و تێڕوانینە. گۆران ئەو شیعرەی بە کاریگەریی ئەدەبی ئینگلیزی نوسیووە، وەك خۆی دەڵێت: سوودی لە ڕۆمانسیەت و بیرۆکەکانی پارچە شیعری (to the Skylark ) ی شاعیری بەناوبانگی ئینگلیز (پرسی بیش شێلێ ، Percy Bysshe Shelley ) وەرگرتووە. ئەم توێژینەوەیە، لەدوو بەش پێکهاتووە،لەبەشی یەکەمدا فوکوس خراوەتە سەر هەندێك لایەنی تەکنیکی و هونەری لە پێرەوکردنی شێوازێکی نوێ لە نووسینی شیعردا. وەك ناونیشانی شیعرەکە و خاڵبەندی و لێدوانێك لە سەر ئەو جیاوازییانەی لە چاپە یەك لەدوای یەکەکاندا هەن . لەبەشی دووەمدا، وەك لە ناونیشانەکەدا دەردەکەوێت، توێژینەوەی لایەنێکی زمانی شیعرییە لە چامەشیعریی (بۆ بلبل)دا . کە ئەویش بابەتی **پرس**[١]و شێوازی پرسکردنە، بەچەند شێوەیەکی جیاجیا . جۆرێك لەوانە ، پرسن لە بابەت و دیاردەی سەرنجڕاکێشی هزری و فەلسەفی و هەندێکیشیان پرسی بەراوردو جیاوازییە لە نێوان هونەری شیعر لای شاعیر بەگشتی و توانا و بوونی خوێندن و ئاوازی بولبولدا ، پرسکردنەکانی گۆران لەو چامەیەدا بەگشتی دیارو ئاشکران، بەڵام هەندێکیشیان جۆرە پرسێکن، پێوەندییان بە ئاستی بیرو تێڕامان و دەروونی شاعیرەوە هەیە، بۆیە توێژینەوەکە بەهەردوو مێتۆدی شیکاری دەقی ئەدەبی و توێژینەوەی دەروونناسی کاری لەسەر تێکستە شیعرییەکە کردووە، . لەکۆتایی توێژینەوەکەدا بە چەند خاڵێك ئەنجامە گرنگەکان دەستنیشان کراون و ئەوسەرچاوانەی کەڵك و سودیان لێوەرگیراون، ڕیزبەندکراون .

**بەشی یەکەم :**

**ناونیشان و خاڵبەندی لە شیعری (بۆ بلبل) دا**

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی شیعری نوێی کوردی، ناونیشان دانان بووە بۆ پارچە شیعرەکان، بەتایبەتی لە شیعرەکانی گۆراندا، ئەو دیاردە نوێیە لەڕووی تەکنیکی نووسینەوەی شیعرەوە بەرچاو دەکەوێت . ئەم دیاردەیە پێشتر لە ئەدەبی ئەوروپایدا هەبووەو دواتر شاعیرە تورك و ڕۆژهەڵاتییەکان ، وەك مۆدێلێکی نوێ، ناونیشانیان بۆ پارچە شیعرەکانیان داناوە، هەرچەندە وەك دەستپێشکەری و بۆ یەکەم جار شاعیری نوێخوازی کورد عەبدولڕەحیمی ڕەحمی هەکاری لەئەستەمبوڵ لە گۆڤاری (ژین)دا ناونیشانی بۆ شیعرەکانی داناوە (فەرهاد پیربال ،٢٠٠٥ : ١٤٥ ) ، بەڵام هاوکات شاعیرانی باشووری کوردستانیش ئاگاداری ئەو مۆدێلە نوێیە بوون و ناونیشانیان بۆ شیعرەکانیان داناوە.

هەڵبژاردنی ناونیشان بەها و بایەخێکی زۆر بە شیعر دەبەخشێت، هەر لەبەرئەوەیە گوتوویانە " شیعرو نووسراوەکان لە ناونیشانەکەیەوە دەخوێنرێنەوە " (سعدو اسود خضر ، ١٩٨٥ : ٤٤) ، لەبەر ئەوە دەبێت پێوەندییەکی توندوتۆڵ لەنێوان ناونیشان و بابەتی شیعرەکەدا هەبێت. ئەوەی ئاشکرایە، گۆران نەهاتووە شیعرەکەی شیللی و ناونیشانەکەی بکات بەزمانی کوردی، بەڵکو وەك ئەدەبی بەراوردکاری، ئاوێزانی شیعرەکەبووە و دەکرێت وەك کاریگەری لەبەرچاوبگیرێت، هەربۆیە سەرناوی شیعرەکەی گۆران (بۆ بلبل ) و شیعرەکەی شێلێ (بۆ کڵاوکوڕە ) یە . گۆرانی شاعیر لە چامە شیعرییەکەیدا گەلێك پرسی دیارو نادیارو شاراوەی لە خۆی و لە بولبول کردووە ، هەربۆیە زیرەکانە ناونیشانەکەی گۆڕیوە، ئەمە ( زرنگی و دووربینی و شارەزایی گۆران دەگەیەنێت ، چونکە ئەم ناونیشانە زیاتر لە ژینگەی ئێمەدا بە باڵندەیەکی جوانی ڕۆح سوك دادەنرێت و مەلی هەموو وەرزەکانە) (عومەرمەعروف بەرزنجی ٢٠٠٦ :٨٩)


بلبل

Percy Bysshe Shelley پیرس بیسش شیللی

کە یەکیکە لەشاعرە بەرزەکانی انگلیز هەلبە-

ستیکی بە ناو بانگی هەیە «to the Skylarks»

ئەم شعرانە لەباش خویندنەوەی ئەو بە نیازی

لاسایی کردنەوە ریك خراون .

گوران

هەندێك لە شاعیران دوای بڵاو بوونەوەی شیعرەکانیان دەستکاری شیعرەکانیان کردووەو ناونیشانیان بۆ داناون، یان ناونیشانەکانیان گۆڕیون . گۆران بۆیەکەم جار بەتەنیا ( بلبل ) ی بۆ ناونیشانی شیعرەکەی داناوە، وەك لەو وێنەیەدا دەردەکەوێت، هەر بەو شێوەیەش لە گۆڤاری گەلاوێژدا چاپ و بڵاوکراوەتەوە( گەلاوێژ ،ژ:٢ ١٩٤٠ : ٢٠ ) ،

کەچی دواتر لە دیوانی (فرمێسك و هونەر لەگەڵ دوو هاوینە گەشت) ، کە لە ساڵی ١٩٥٠ ، لە چاپخانەی مەعاریفی بەغدا لە چاپدراوە(گۆران– رشید عارف ، ١٩٥٠ : ٢٢ ) ، ناونیشانەکەی گۆڕیوە بە ( بۆ بلبل ). هەرئەو دیوانە جارێکی دیکەش، لەساڵی ١٩٧١ دا لەسەر ئەرکی (عمر عبدالرحمن ) خاوەنی کتێبخانەی سلێمانی، لە چاپخانەی کامەرانی لە سلێمانی لەچاپدراوە، لەو چاپەشدا ناونیشانە تازەکە، واتە ( بۆ بلبل )یان نووسیوە (گۆران– عمر عبدالرحمن : ١٩٧١ ) .

جگە لەو گۆڕانکارییانەی، لە چاپەکانی دوای گۆڤاری گەلاوێژدادەبینرێن، نیشانەکانی خاڵبەندی و تەنانەت هەندێك وشەش گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. گەر سەرنج بدرێت، لە گۆڤاری گەلاوێژدا هەموو چامەشیعرییەکە ٥٦ دێڕە، کەچی لە دیوانی گۆران ، کۆکردنەوە وئامادەکردنی محمدی مەلاکەریم ١٩٨٠ دا ٥٨ دێڕە .واتە دێڕی ٤٩ و ٥٣ ی بۆ زیادکراوە . دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسول دەڵێت : محمدی مەلاکەریم بە ئەمانەتەوە لەبەر ئەو دەستنووسانەی گۆران خۆی، دیوانەکەی گۆرانی نوسیوەتەوە ولەچاپی داوە [٢] . هەمووئەمانە بەڵگەی ئەوەن ، گۆران خۆی دەستکاری و گۆڕانکاریی لە شیعرەکانیدا کردووە . ئەم دیاردەیە ، واتە دەستکاری کردنی تێکستە ئەدەبییەکان دوای بڵاوبوونەوەیان لەئەدەبدا و بەتایبەتی لەلایەن شاعیرانەوە دەبینرێت ، بەڵام بەپێی ئاستی پیشکەوتوویی نەتەوە و خودی شاعیرو نووسەرەکان ، ڕێژەی ئەو گوڕانکاری و دەستکارییانە جیاوازە ، گۆران لە پێشەکی دیوانی بەهەشت و یادگارەکەیدا، لە ٦/٢٠ / ١٩٥٠ دا ، بەناونیشانی سەرەتایەك بۆ بەهەشت و یادگار نووسیویەتی :(لە کاتی نووسینەوەو ئامادەکردنی ئەم نامیلکەیەدا بۆ چاپ ، لە شیعرە کۆنەکاندا هەندێ وشەو تەعبیری چەوت تووش هاتم ئەمتوانی بیانگۆڕم بە وشەی کوردیی پەتی ، یان بە چەشنێکی پەسەندترو دڵگیر تر دەستکاری یان بکەم .) (دیوانی گۆران ١٩٨٠ : ٤ ) . بەڵام د. دڵشاد عەلی لەتوێژینەوەیەکیدا بەراوردێکی ئەو نووسینەی گۆرانی لەگەڵ هەندێك لەو دەقانە کردووە ، کە گۆران دواتر دەستکاری کردوون و دەڵێت : (جا وەك بۆمان دەردەکەوێ ، ئەوەی لەوێدا(گۆران) وتوویەتی ، تەواو پێچەوانەی ئەوەیە کە کردوویەتی ، چونکە دەستکارییەکی تەواوی کۆمەڵێ دەقی دیوانەکەی کردووەو گۆڕانکاری بەرچاوی تیادا کردون ، دیارە ئەم دیاردەیەش ، خۆی لە خوێدا بەکارهێنانێکی نادروستی دەسەڵاتی شاعیرەو کاتێکیش لەپاڵ وتەکانی خۆیدا پێکەوە دایان دەنێین بەکارێکی ناپەسەندی دەبینین کە بەرامبەر خوێنەری بەگشتی و ڕەخنەگر بەتایبەتی کردوویەتی و لێشییانی شاردۆتەوە .) (دەقی شیعری لە نێوان شاعیرو رەخنەگردا ، پ.ی.د. دڵشاد عەلی٢٠١٥/٣٧ : 13)

هەرگۆران خۆی ئەرگۆمێنتێکی بۆ ئەو ڕایەی لەسەر دەستکاری نەکردنی دەقە شیعرییەکان نووسیوە و دەڵێت : (بەڵام ئەمە لە باری سەرنجی ئەو کەسانەوە کە بە شوێن لێکۆڵینەوەی تەئریخی ئەدەبی کورد، وە چۆنیەتیی گەشەکردن و گۆڕانی زمانی کوردیدا ئەگەڕێن، زیانی زۆر ترە لە سوود، با بێزاریی خۆێشم لەولاوە بوەستێ لە تەقەلای شاردنەوەی خەوش و ناتەواویم بە چەشنێکی لە ئەندازە بەدەر، بەڵکو لە سنووری ئەندازەی تێکۆشینی خەڵقی تریشا. ) (دەقی شیعری لە نێوان شاعیرو رەخنەگردا ، پ.ی.د. دڵشاد عەلی٢٠١٥/٣٧ : 13)

دواتر گۆران لەسەر ئەو هۆکارەی ئەو کات وسەردەمە، خۆی باوەری پێی بووە ، دەنووسێت :(لە بەر ئەوە بریارم دا دەستی دەستکاری یان کەم و زۆر بۆ درێژ نەکەم ، وە هەروەکو هەن و بوون بیانخەمە پێش چاوی خوێندەوارانی خۆشەویست! ) . ئەم ڕەخنە زانستییانەی لەم توێژینەوەیەدا هاتوون، ئەگەرچی هەندێکیان توندن بەرامبەر شاعرێکی وەك گۆران، بەڵام لە ئاست و پلەی هونەری و داهێنانی شاعیریی گۆران کەم ناکەنەوە ، بەڵکو بە پێچەوانەوە ، ئەوکارەی گۆران ئەوە دەگەیەنێت ، کە هەمیشە لە بیرکردنەوە و وەرگرتن و گەشەو گۆڕاندابووە ، ئەو بریارانەی پێشتری بەڕاست نەزانیوە و وردتر بیری لەڕاستودروستی بنیادی زمان وتۆکمەیی داڕشتنەکانی و جوانی و

ئیستاتیکای شیعر کردوەتەوە و دەستکاری شیعرەکانی بە کارێکی چاك زانیوە، لەڕاستیشدا پرۆسەی شیعرنووسین وا لەشاعیران دەخوازێت ، کە بەردەوام دەستکاری بەرهەمەکانیان بکەن و کەموکورتییەکان پڕبکەنەوەو خەوشەکان نەهێڵن و بەرهەمێکی بێگەردو باڵا لە دوای خۆیان بە جێبهێڵن . کەواتە دەستکاریکردنی شیعرەکان لە لایەن گۆرانەوە خۆی لە خۆیدا کارێکی دروتەو بووەتە هۆی زیاتر جوانکردنی شیعرەکان .

ئەگەر بەوردی سەرنجی ئەو دووتێبینییەی گۆران بدرێت ،کە یەکەمیان لە گۆڤاری گەلاوێژدا نوسیویەتی و دەڵێت: پیرس بیسش شێلی کە یەکێکە لە شاعیرە بەرزەکانی ئینگلیز هەڵبەستیکی بەناوبانگی هەیە To the Sky larks . ئەم شیعرانە لە پاش خوێندنەوەی ئەو بە نیازی لاسایی کردنەوە ڕێك خراون . (گۆران گەلاوێژ ،ژ:٢, ١٩٤٠ : ٢٠ )

و دووەم لە دیوانی گۆران ،لەپەراوێزی ل١٠٣ نوسیویەتی(١) هەڵبەستی To the Sky larks هیی شاعیری بەناوبانگی ئینگلیز پیرس بیسش شێلی ، سەرچاوەی ئیلهامی ئەم شیعرانەیە دیوانی گۆران ١٩٨٠ :١٠٣)

لەو دوونوسینەکورتەدا، گۆران بەهیچ شێوەیەك ئاماژەی بە سەرچاوەی شیعرەکەی شێلی نەکردووە ،هەروەها نەینووسیووە، بە چ زمانێك شیعرەکەی شێلی خوێندووەتەوە! . گومان لەوەدا نییە، کە هاتنە ناوەوەی گۆڤار و ڕۆژنامە و بەتایبەتی هونەری وەرگێڕان ،بابەتێکی نوێ و سەرەتایی بووە، لەلایەکی دیکەشەوە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستی ،لەلای نووسەر و ڕووناکبیرانی کورد لەو سەردەمەدا بەتایبەتی ماوەی نێوان هەردووجەنگە جیهانییە گەورەکە، دیاردەیەکی نوێ بووەو بەلایانەوە گرنگ نەبووە، یان بایەخ وڕۆڵی گرنگیی ئاماژەکردن بەسەرچاوەیان نەزانیوەو بەهەندیان وەرنەگرتووە. هەر لەبەر ئەوهۆکارانە و چەند سەرنجێکی دیکەیە، لێرەدا ئەو تێبینیانەی گۆران باس و هەڵوێستەیان لەسەردەکرێ .هەر بۆیە ئەو سەرنجانەی گۆران چەند پرسێك لەخۆدەگرن و پێویستیان بەڕونکردنەوەو قسە لەسەرکردن هەیە .

سەرەتا وەك پێشتر باسکرا، ئایا گۆران ئەو شیعرەی لە چ سەرچاوە وزمانێکەوە وەرگرتووە ؟ ئایا ئەوشیعرە لەزمانی ئینگلیزییەوە نەکراوە بە عەرەبی ، فارسی ، یان تورکی و گۆران بە زمانی دووەم خوێندبێتییەوە ؟ وەك ئاشکرایە گۆران لە ١٩٠٥لە هەڵەبجە لەدایك بووە ، تا ١٩١٨ ، زمانی تورکی .زمانی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی بووە ،ئەمە جگە لەوەی بۆخوێندن چووەتە کەرکوك ولە قوتابخانەی عیلمییەی ئەو شارە خوێندوویەتی (دکتۆر مارف خەزنەدار،٢٠١٠ :ل ٦٠٨ ) بێگومان خوێندنی بەزمانی تورکی بووە و کۆمەڵێك پێوەندی، لەگەڵ هاوڕێیانی هاوپۆل و هاوڕێ و کەسانی تردا هەبووە، کە بە زمانی تورکی قسەیان کردووە . لە پاڵ ئەوەشدا لە حوجرەکاندا زمانی عەرەبی و فارسی خوێندراوە ، گومان لەوە ناکرێت، کە گۆران لە ڕێگەی حوجرەوە زمانی عەرەبی و بەهۆی مامۆستا فارسی زانەکەیەوە، کە باوکی بووە، فارسییەکی باش فێربووە . بەڵام زمانی ئینگلیزی دوای کۆتایی جەنگی یەکەم سەری بەناوچەکەدا کردووە و فێربوونی کارێکی باو و ئاسان و ئاسایی نەبووە ، وەك ئەو سێ زمانە هاوسێ ونزیکانەی باسکران ، ئەو زمانەئینگلیزییەی گۆران زانیویەتی زمانێکی سەرەتایی و سنوورداربووە . مامۆستا جەعفەر و ڕێبوارحەمەتۆفیق لەبارەی ئینگلیزی زانینی گۆرانەوە ، لە دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ دەپرسن (*زمانی ئینگلیزی لە کوێوە فێربووە؟ پەیوەندی نییە بەوەی، کە لە ڕادیۆ، لە گەڵ ئینگلیزەکاندا کاری کردووە ؟ د . عیزەدین لەوەڵامدا دەڵێت :- وانازانم ، کاتی خۆی مێجەرسۆن لەوتەلەبانەی کەزیرەك بوون لە پۆلی پێنجی سەرەتایی دەورەیەکی کردۆتەوەو خۆی وانەی ئینگلیزی پێ وتونەتەوە ،لەوانە (ڕەشید نەجیب ، سعیدقەزاز، گۆران) ئیتر لێرەوە فێری زمانی ئینگلیزی بووە) . (مامۆستا جەعفەر ، ڕێبوار حەمە تۆفیق ٢٠١٢ :٨٩ )، وتەکەی دکتۆر عیزەدین بەڕوونی ئەوە دەگەیەنێت، کە ئینگلیزی زانینی گۆران پێوەندی بە ڕادیۆو کارکردنییەوە لەگەڵ ئینگلیزەکاندا نییە . بەڵگەیەکی

مێژوویش لەبەردەستدایە ، کە گۆران لەساڵی ١٩٤٢ – ١٩٤٥ لە یافا لەئێزگە( اذاعة الشرق الادنی ) کاری کردووە . (مامۆستا جەعفەر ، ڕێبوار حەمە تۆفیق ٢٠١٢ :٣٢٢ و٣٤٤ )، بەڵام بە دووساڵ پێش ئەو مێژووە واتە لە ١٩٤٠ دا ، ئەو شیعرە لە گۆڤاری گەلاوێژدا بڵاوکراوەتەوە.

سەرچاوەیەکی ئەدەبی ئەوتۆش لەناو کوردستاندا نەبووە سەبارەت بە زانستی ئەدەبی ئینگلیزی و هیچ توێژینەوە و لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی لەسەر شاعیرانی ئینگلیز بەتایبەت شێلی، نە بەزمانی کوردی و نەبەئینگلیزی لە بەردەستی خوێنەری کورد و لەنێو ئەوانیشدا لەلای گۆران نەبووە ، کەواتە ئەو ئەگەرە زۆر نزیکەو ڕێی تێدەچێت ، کە گۆران شیعرە ئینگلیزییەکان و بەتایبەتی ئەو شیعرەی شێلی بەزمانی ئینگلیزی نەخوێندووەنەوە، بەڵکو لەیەکێك لە ڕۆژنامەو گۆڤارە عەرەبی ، یان فارسییەکاندا بە زمانی دووەم خوێندبێتەوە.

ناونیشانی شیعرەکەی گۆران لەڕاستیدا پێوەندییەکی توندوتۆڵی بە ڕەگەزە سەرەکییەکانی شیعرەکەوە هەیە، کە ئەوانیش: یەکەم: بنیادو کەرەستە پێکهێنەرەکان و دروستەی زمانی شیعرەکەیە، لە دواندنی لایەنی بەرامبەردا، کە بولبولەو ئامرازو نیشانەی پرسیارەکانە، دووەم: دیوی ناوەوەو بیرە ئاڵۆزەکانی گۆرانە، واتە لایەنی ناوەرۆك دەگرێتەوە، کە پرسێکی گەورەیەو پێوەندی بە بیرو بۆچوونی شاعیرەوە هەیەو پێوەست و گرێدراوە بە وەڵامی پرسەکانەوە ، دواتر لە توێژینەوەو شیکاری دێڕە شیعرەکاندا باسیان لێوە دەکرێت . (خاڵبەندی سیمایەکی دیکەی شیعری نوێی کوردییە، بەکارهێنان و پێڕەوکردنی (خاڵبەندی ) لە نێو دێڕە شیعرەکاندا و لە کۆتایی ڕستەو بەشەکانی دێڕە شیعرەکاندایە، وەك خاڵ ( . )و کۆما ( ، )و دوو خاڵ لەسەریەك ( : )و نیشانەی پرسیار (؟)و نیشانەی سەرسوڕمان (!) و بەکارهێنانی کەوانەو... هتد. بوو ، وەك شێوازێکی دیارو لەبەر چاو لە شیعری نوێی کوردیدا بەدی دەکرێت ) (حەمەنوری عومەر ٢٠١٢ : ٢٨٦ ) . لەلایەکی دیکەشەوە نکولی لەوە ناکرێت، کە گۆران سودی لەو زانستە، کە (ڕێنووس و خاڵبەندییە ) وەرگرتوە، کەپێشتر لە زمانی عەرەبی و لە حوجرەکاندا خوێندوویەتی .

یەکێك لەئەرکەکانی خاڵبەندی، گەیاندنی ئەو واتایەیە، کە بە وشە ناگەیەنرێت یان نانووسرێت . ئەمە لە زانستی زماندا (پێوەندیی ناوەوەی )ی پێ دەگوترێت ڕۆمان یاکۆبسن دەڵێت : (زمان پێوەندیی جۆراوجۆرو بنیادنەری، لەگەڵ سیستێمی (نیشانە و ئاماژەو سیگناڵ)ی دیکەدا هەیە، دیاریکردنی چوارچێوەی کۆمەڵایەتی و شارستانیی زمان، بۆ شیکردنەوەی لایەنە پرژوبڵاوەکانی بنیادی ناوەوەی زمان پێویستە. ئەم دوو ئاستە، کە هەر یەکەیان سەربەخۆیی و گرنگی خۆیان دەپارێزن، هیچیان ملکەچی ئەوی دیکەیان نابن ، من لە لای خۆمەوە وام بە باش دەزانی ، کە ئەوەندە قسە لە سەر پێویستییە تەواوکەرەکان نەکەم ، ئەوەندەی باسی ئەو دوو ئاستە ڕوون و پێکەوە گرێدراوە بکەم ) ڕۆمان یاکۆبسن ،(١٩٩٠ : ١٤٩-١٥٠ ) .

کەواتە با بزانین ئەو هەموو خاڵبەندییانەی شاعیر لەنێو شیعرەکەدا بۆ بنیادی ناوەوەی شیعرەکە لەڕووی وەزیفەو ئەرکی ڕێکخستنی ڕێزمانییەوە بەکاریهێناون، ئەوەندە پێویستن؟

**ئەی باڵداری ئێسك سووك،**
**بلبلی دەنووك بچووك،**
**باغچە بە باغچە ئەفڕی ؛**
**وچانێکی لێ ئەگری:**

لە کۆتایی دێڕی یەکەم و دووەم و سێهەدا ، (،)کۆمای داناوە ، سەرباری ئەوەی ئەرکی ڕێکخستنی ڕێزمانی دەبینێت ، دانانی ئەو (،) پێویستییەکی پێکهاتەی ڕستەو تێکستەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا گۆران زۆر شارەزایانەو بە

سەلیقەیەکی شاعیرانەوە لە جێگای وەستان و هەنگاوە ڕیتمییەکاندا ئەو کارەی کردووە، چونکە ( خاڵبەندی یەکێکە لە توخم و پێکهاتەکانی نووسین، بەگشتی بریتییە لە پێکهاتەیەکی ئیدیۆگرافی Ideographiques – ، ئەگەرچی هەندێ جار لەم هەڵکەوتە دەردەچن و پێوەندیی ڕاستەوخۆیان بە "وچانی شەفەهی "و " هەناسەدان "ەوە هەیە ( موحسین ئەحمەد عومەر ٢٠١٢ :١٠٨ )

لە کۆتایی دێڕی ( وچانێکی لێ ئەگری :) و کۆتایی چەند دێڕێکی دیکەیشدا دوو خاڵی لەسەریەکی داناوە (: )، کە لە دەستوری خاڵبەندیدا (پێی دەوترێت نیشانەی ڕوونکردنەوەو حیکایەت، یان دوو خاڵی لێکدانەوەو ڕوونکردنەوە، هەروەها بۆ گەلێك مەبەستی دیکە بەکاردەهێنرێت ، وەك لە نێوان شتێك و جۆرەکانیدا ) دیوان العرب www.diwanalarab.com، . ئەم تەکنیکەی گۆران بەکاریهێناوە، مامەڵەیەکی دەروونییەو پێوەندی بە ئەندێشەی فراوانی شاعیرەوە هەیە، کە مەبەستێکی زۆری لە ناخ و دەروونیدا دروستکردووەو دەیەوێت بەهۆی ئەو خاڵبەندیانەوە بەکورتی مەبەستەکانی پراکتیزەبکات. بۆ نموونە لە دوای نیوەدێڕی وچانێکی لێ ئەگری : ئەو دوو خاڵە لەسەریەکە (:) پێوەندی بە شوێن و جۆری ئەو سەرچڵانەوە هەیە، کە بەدڵی بولبولە، بۆ وچانگرتن، هەربۆیە لەدوای دێڕی ( کام سەرچڵ دڵت گرتی ..)دا دوو خاڵی لەتەنیشت یەکی داناوە، ئەم نیشانەیە واتای ئەوەیە، سەرچڵەکان یەکێك نین و جۆریان هەیە. هەروەها لە بەکارهێنانی وشەی (کام )ی پرس کردندا، شاعیر لە بولبول ناپرسێت ،کام سەرچڵە دڵت دەیگرێت ؟! بەڵکو بولبول خۆی سەرپشکە لە هەڵبژاردنی سەرچڵەکاندا، هەربۆیە لەو ڕستەیەدا نیشانەی پرس (؟) ی لەکۆتایدا دانەناوە.

**بەشی دووەم :**

**پرس لەناو ڕستە شیعرییەکاندا**

هەروەك چۆن لەسەرەتادا، بە وشەی ئەی، ڕوودەکاتە بەرانبەرەکەی، کە بولبولەو دەیدوێنێت و مەنەلۆگ ، یان تاکبێژی لەگەڵ بولبول، یان خودی گۆران خۆیدا دەکات، نەك پرسێکی لا گەڵاڵە بووبێت و چاوەڕێی وەڵامی لێ بکات، ئەم وشەیە **(ئەی)** ، لە زمانی کوردیدا نیشانەیەکی پراگماتیکییە بۆ بانگکردن و ئاگادارکردنەوەیە، قسەکەر بەرامبەرەکەی پێدەدوێنێت .

هەروەك سارتەر دەڵێت : (تێکڕای وشە هەڵبژێردراوەکان ئەرکی خۆیان بە جێدێنن لە هەمبەر وێنەی پرسیارو هەڵاوێردە . پێچەوانەی ئەمەش ڕاستە، کلێشەی پرسیار وێنەیەکە بۆ ئەو گوزارشتەی بە خودی پرسیارەکە دیاریدەکرێت . هەروەك لەوهۆنراوە جوانەدا دەردەکەوێ :

**ئەی وەرزەکان ! ئەی کۆشکە بەرزەکان!**

**کام ڕۆحەیە بێ کەم و کوڕی ؟!** [3]

(لێرەدا نەپرسیارکەرەکە دیارە، نە پرسیار لێکراو: شاعیر لە پشت گوزارشتەکەی خۆی ئامادە نییە ، پرسیارەکەش ڕێگەی وەڵامدانەوە نادات، یا بە واتایەکی تر : وەڵامەکە لە خودی پرسیارەکەدایە . ئایا ئەوە پرسیارێکی ڕاڤەکارانەیە؟ وەلێ گێلانەیە وا بزانین ڕامبۆ ویستویەتی بڵێ : تێکرای خەڵك کەموکوڕییان هەیە . ) (ژان پۆڵ سارتەر ، ٢٠٠٩ :٦٢ ) هەر بەو ئەتمۆسفیرە شاعیرانەیەش گۆران ڕووی پرسەکەی لە بولبول دەکات و دەڵێت:

**لەو گەروە بچکۆلانە**

**ئەم نەغمە بەرزوجوانە،**

**چۆن دێتە دەر ؟ چۆن ئەڕژێ؟**

**وا گیان ئەسمێ ، هۆش ئەمژێ ؟**

هەرچەندە شاعیر لە ڕستە پرسییەکانیدا، کە بە وشەی ( چۆن ) دەستپێدەکات ، نیشانەی پرسی لەکۆتایدا داناوە ، بەڵام لە ڕووی لۆژیکییەوە ، کاتێ دەیخوێنرێتەوە، یان گوێگر دەیبیستێت ، زیاتر واتای سەرسوڕمان دەبەخشێت، نەك پرسکردن . بۆیە شاعیر چاوەڕێی وەڵام، نە لە بولبول دەکات و نە خۆیشی وەڵامی ئەوپرسە دەداوەتەوە .

**یا ئەو تۆزقاڵە دڵە**

**چۆن ئەوەندە بە کوڵە ؟**

**یا چۆن ئەو نەختە مێشکە**

**بۆ فەن بوە بە بێشکە ؟**

ئەگەرچی دروستەو بنیادی ئەو دوو دێڕە، دوو ڕستەی پرسیین، بەڵام لە ڕووی واتایی و سیمانتیکییەوە ڕستەی هەواڵین و زیادتر زانیاری و وەبیرهێنانەوە دەبەخشن ! نەك بەدوای زانیاریدا گەڕان، چونکە شاعیر چاوەڕوانی وەڵامی پرسەکەی لە بولبول ناکات و بۆ خۆشی هیچ وەڵامێکی پێ نییە! ئەمە جگە لەوەی ڕستەکان زیاتر واتای سەرسوڕمان دەبەخشن نەك پرس .

**چۆن ؟ توخوا چۆن؟ ئەی بلبل،**

**ئەی باڵداری بەهرە زل ،**

ئەم پرسەش، هەر دووبارەکردنەوەی دێڕەکانی پێشووە بۆ درێژەدان و تەواوکردنی پرسە نادیارەکان ، کە لە هزری گۆران و زۆر لە کەسانی بیرمەندی دیکەدا بێ وەڵامن، ئەمە لە لایەك و هاودەم فرەجۆری پرسەکانی شاعیر لە دێڕەکانی دواتردا بە مەبەستی دڵنیابوون و جەختکردنە لە ناوەرۆکی یەك پرس و لە بواری سیمانتیك و واتای پراگماتیکیشدا سەرسوڕمان و لێوردبوونەوەو تێڕامان دەگەیەنن لە پێکهاتە بایۆلۆجی و سروشتییەکەی بولبول، کە دەنگ وخوێندنەکەیەتی ، چۆن ئەوەندە بە کوڵە؟ یان سەرسوڕمانی شاعیردەردەخات ، کە چۆن ئەو نەختە مێشکە، ئەو هەموو توانای هونەرییە لە ئاوازو چریکەوچڕین لە خۆ دەگرێت و بۆ فەن بووە بە بێشکە ؟ .

**کام بەستە ، کام گۆرانی**

**سیحری ڕووتە ئەیزانی ؟...**

لە گەڵ ئەو ڕاستی و حەقیقەتەی، کە شاعیرو هەموو کەسێکیش دەیزانێت ، وەك لە دێڕێکی پێش پرسکردنەکەیدا دەڵێت : هەرچەندە بولبول تۆ نەفریشتەو نەپەریت، هەروەها مرۆڤ و ئینسانێکی قوتابی و خوێندکار و هونەرمەندیش نیت، بەڵام کام بەستە و کام گۆرانییەت بوێت بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر، کە لە سیحر دەچێت ،تۆ دەیزانیت!بەڵام هێشتا پرسێکی نادیار لەو ڕستەشیعرییەدا هەیە ، گۆران هەستی پێکردووە لەدەروونیدا بەدوای تارمایی زانیارییەکی لێڵدا وێڵە ، زانیارییەکی تایبەت بە هونەر لای مرۆڤ و لای باڵندە ، ئایاگەیشتۆتە ئەو یەقینەی ، کە هونەر لای باڵندە بەهرەیەکی خواکرد و خۆڕسکە ؟چونکە لە دێڕێکی پێشتردا دەنگ و ئاوازی بولبول بە بەهرەیەکی (زل) دەزانێ ، گۆران وشەی( زل )ی تەنیا لەبەر سەروا بەکار نەهێناوە ! بەڵکو ئاوەڵناوێکە، لە پلەی بەراورددا لەگەورە گەورە تر، زل و زەبەلاح ، بەرانبەر(عظیم )ی عەرەبی، بەڵام هێشتا بەتەواوی لای روون نییە و بۆی نەخراوەتە چوارچێوەی دێڕە شیعرێکەوە هەروەها (گەلێ جار باری دەروونی گۆرانی خستۆتە گۆم و گێژاوی بیرکردنەوەو تێڕامان لە سروشت و گەردوون و دەوروبەرو لەگەڵ خودی خۆیدا کەوتووەتە زۆرانبازی و ململانێ و گەلێ پرسیاری ئاڵۆزی وروژاندووە سەبارەت بە مرۆڤ و جیهان و کەون و گیان و مردن و ژیان ... بە بێ ئەوەی بگاتە

ئەنجام و وەڵام) (د.فازل مەجید، ٢٠٠٧: ١٠٦ ) لە لایەکی دیکەشەوە گۆران لەو دەربڕینەیدا ئاست و پلەی مەعنەوی بولبول دێنێتە ئاستی مرۆڤ و خۆیەوە، وەك شاعیر، بەشێوەیەکی پراگماتیکیانە ڕێز لەگیان لەبەرێکی بچووك دەگرێت و لەڕیزی خۆی و لەڕێزگرتندا لە خۆشی باڵاتر ڕێزی لێدەنێت ( بەشێوەیەکی گشتی ڕاپەڕاندنی ئەرکی ڕێزگرتن، ڕاستەوخۆ بەستراوە بە واتای نافۆرمی و بەئامانجەکانییەوە ) (ئاڤێستا کەمال مەحمود ، ٢٠٠٩ : ١٣٣ ). بەواتایەکی دیکە گۆران پراگماتیکیانە ڕێز لە بولبول دەگرێت و لەلایەنی توانای هونەرییەوە لە مرۆڤ بە تواناتر و زیاتری دەبینێت ، ئەگەر چی هونەرەکەی بولبول بەهرەو خۆرسکیش بێت . دواتر شاعیر دەکەوێتە بەراوردکردنی شیعری خۆی و شیعری بولبول بەشێوەی مەنەلۆگ و دەڵێت :

شیعری من کامیان چا بێ

ئەمجا بێ فرمێسك نابێ؛

*******

شیعری تۆ ، گشت نموونە ،

ئاوی سەر چاوەی ڕوونە،

لەدوای ئەو بەراوردکردنە ڕوون و پڕ واتایە، دێڕە شیعرێکی پرس ئامێز دەنووسێت و نیشانەی پرسیش لەکۆتایی ڕستە شیعرییەکەیدا دادەنێت. هەرچەندە لەبنیادی ڕستە شیعرییەکەدا، وەك ڕستەیەکی پرس داڕێژراوە ، بەڵام لە ڕووی واتاکەیەوە تێڕامان و سەرسورمان لە بەراوردەکەدا دەبینرێت ، نەك پرسکردن .

سەربەست ئەڕواو خوڕەی دێ ؛

ئەمیان لەکوێ ، ئەو لە کوێ ؟

لەودێڕە شیعرەدا، جگە لەو مەبەستەی باسی لێوەکرا، کە مەبەستێکی دیارو ئاشکرایە ، ئامانجێکی دیارو لۆژیکیی دیکە لە پرسکردنەکەیدا نابینرێت . لە ڕووی زمانەوە ئەم جۆرە پرسە لە جۆری ڕستەی پرسیاری تایبەتییەو وەڵامەکەی سنوورێکی دیاریکراوی نییە، هەروەها لە پرسی تایبەتیدا دەشێ دوو پرسیار، یان پتری تێدا بێت (ابوبکر عمر قادر ١٩٩٣ : ٣٥ و٣٦ ) لە ڕستە شیعرییەکەدا ، پرسەکە لە ئەمیان لەکوێ ، ئەو لە کوێ ؟دایە، کە دوو پرسی دیارن لە ئاست و پلەی شیعریی شاعیرو شیعری بولبول دەپرسێت و بەلای شاعیرەوە مەبەست لە جیاوازیی ئەو دوو شیعرەیە، لە ڕووی تاریکی و ڕوونی و هۆکاری غەم و خەفەت، کە سەرچاوەی شیعری شاعیرەو ڕوونی سەرچاوەی شیعری بولبولە، هۆکاری بێ غەمی و سەربەستی و بەردەوامی خوێندنی بولبولە ، کە بە سەرچاوەو خوڕەی ئاوی ڕوونی چواندووە . بۆیە ئەو پرسەی گۆران دروستی کردووە لەو دێڕەدا، بەتەنیا بۆتە پرس و دەکرێت بە پرسێکی تایبەت لای خودی گۆران لە قەڵەم بدرێت . دوابەدوای ئەوە گۆران هەستونەستەکانی ناخی خۆی، یان بەدەربڕینێکی دیکە ئەوەی لە بن هۆشیدایە لە ڕێگای وەڵامی شیکارانەو تێڕامان و بڕوای خۆیەوە بەرامبەر بە ژیان و بوون و نەبوون لە درێژەی تێکستەکەیدا دەردەبڕێت، بەپێی بۆچوونە فەلسەفی و مەعریفییەکانی خۆی باس لە چەمکی (عومر) تەمەن، یان ژیانی مرۆڤ دەکات و دەڵێت :

**ئێمە عومرمان تا سەر**

**ئەندێشەیە و دەردی سەر ؛**

**ترسەو تاسەیەو پرسیار**

**یەك لە شوێن یەك : سەد ، هەزار ؛**

هەرچەندە شاعیر سەرەتا بەیەك پرس دەقەكەی دەست پێناكات، بەڵام چەندین جار، خودی بكەری شاعیر، دوای ئەو پرسە نادیارانە دەكەوێت ، كە لەڕووی دەروونییەوە بە واقیعی ژیان و سۆسۆلۆژی وسایكۆلۆژی و ئاستی فەلسەفی و ئاینی خۆیەوە پەیوەستن. (یەكێ لەو ڕێبازانەی كە دەق بە هەستونەستی شاعیرەوە گرێ دەدات، ڕێبازی دەروونناسییە، ئەم ڕێبازە لەو ڕوانگەیەوە ڕوو لە دەق دەكات، كە پەیوەندییەكی بەهێز لەنێوان شاعیرو شیعرەكەیدا هەیە، چونكە شیكارە دەروونییەكان پێیان وایە، كە دەق ناخی نووسەرەكەی دەردەبڕێت. ئەم ڕێبازە لە ڕێگەی بنەماكان و تیۆرییەكانەوە بەشێوەیەكی گشتی هەوڵی ئەوە دەدات، وەڵامی ئەوپرسیارە بداتەوە، كە شاعیر لە شیعرەكەیدا چی دەربڕیوە و بۆچی ئەوەی دەربڕیوە ؟ ) (د.سامان عەزەدین ٢٠١ : ٦٠ )

هەر بەشێوازی ڕیزبەندی نەك یەك پرس، بەڵكو زنجیرەیەك پرسی نادیار، وەك خۆی دەڵێت: یەك لە شوێن یەك بەقەتار : لە دێڕە شیعرەكاندا بەرەو ڕووی بولبول و خودی خۆشی دەكاتەوەو سەرەتا لەیەك دێڕدا ، لە هۆكاری لەدایكبوون و (زاین ) دەپرسێت، ئینجا لە كۆتایی تەمەن و كاتی مردن دەپرسێت و دواتریش بەچی و چۆن دەمرین ؟ ئەم بابەتە فەلسەفییەلای ئەو دەبێتە پرس و بەكورتی لەم شەش دێڕەی خوارەوەدا (١٠دە ) پرس ئاوێتەی دێڕە شیعرەكانی دەكات و دەڵێت :

**بۆ چی زاین ؟ كەی ، چۆن ئەمرین ؟**

**چیمان لێ دێ كە مردین ؟**

**چی ڕاستە ؟چی درۆیە ؟**

**كام شت ئەنجام ؟ كام هۆیە ؟**

**یان تەنانەت بۆچ ئەگرین ؟**

**فرمێسك لە چاو بۆچ ئەسڕین ؟**

وەڵامی هەر هەموو ئەو پرسانە، تا ئێستا ناڕوون ونەزانراوو نادیارن، ئێمەی مرۆڤ بۆ چی زاین؟ كەی دەمرین؟ چۆن دەمرین؟ دوای مردن چیمان بەسەردێت؟ ئەو زانیارییانەی لە ژیاندا لەبارەی مردن و دوای مردنەوە وەرمانگرتوون، چی ڕاستنو چی درۆن؟ گۆران بەوردی لە دوو چەمكی فەلسەفی دەكۆڵێتەوەو دەپرسێت، كە ئەو دوانەش : ١-هۆ ، ٢- ئەنجام و مەبەستن !( الوسیله والغایه ) و لای ڕوون نییە، ئایا ژیان ئەنجامە، یان هۆیە؟ لەلایەكی دیكەوە، ئایا مردن ئەنجامە؟ دواجار پرس لە نەزانراویی هۆو هۆكاریش دەكات. ئەم كۆمەڵە پرسەو گەلێكی دیكە لە ناخی گۆراندا هەن، ئەگەری ئەوە هەیە ،كە شاعیر پەنهانی كردبن، یان نەیویستبێت بیانخاتە چوارچێوەی دێڕە شیعرەكانییەوەو ئاگاداریی ئەو كایە مەعریفی و فەلسەفییەش بووبێت ، كە ئەو جۆرو چەشنە پرسانە ، چۆنێتی و سروشتیان بەشێوەیەكن لەدوای پرسێك، پرسێكی دیكە دێت، یان شاعیر دەیەوێت بڵێت، پرسكردن پرسی دیكەی بەدوادا دێت. هەر لەڕوانگەی سۆسۆلۆجی و پێوەندیی گۆران بە كۆمەڵ و بیروباوەرە ئاینییەكەشەوە ، ئاشكرانەكردنی بیرو باوەڕی خۆی و وەڵام نەدانەوەی هەندێك لە پرسەكان، خۆدەربازكردن بوون لەوەی، تۆمەتی بێ باوەڕی و جۆرێك لە ئەتیەستی و لەدین لادەرو گومرایی دوانەخرێت . هەربۆیە لە دێڕەكانی دواتردا دەكەوێتە نێوان دووبەرەیی و دابەشكردنی بابەتی پرسەكان بە دوو ئاراستەو ئایدۆلۆژیای دژبەیەك ، یەكێكیان دەستەویەخەیەو بەرۆكی بەرنادات و ئەوی دیكەیان فەرامۆشدەكات بێ وەڵام بەجێی دەهێڵێت .

**ئیتر لەم چەشنە پرسیار ،**

**یەك لە شوێن یەك بە قەتار:**

**ئەمیان یەخەمان ئەگرێ،**

**جوابی ئەممان پێ نادرێ،**

**ئەوی تر دێتە پێشێ**

**وردورد گیانمان ئەکێشێ..!**

وردبوونەوەو تێڕامانی گۆران لە ژیان و بوون ، لەدرێژەی پرسەکانیدا لە نێو دێڕە شیعرەکاندا دەردەکەون، هێزی پرس و پرسکردنەکانی گۆران بە زۆربوونی زانیاری و ئاستی هۆشیاریی شاعیرەوە لە بوارە جیاجیاکاندا پەیوەستن . شاعیر خۆشی دان بەو ڕاستییەدا دەنێت و دەڵێت : وەڵامی ئەم جۆرە پرسانەمان پێ نادرێتەوە! بەتایبەت ئەو پرسانەی لە ئاستی کێشەوگرفتە شاراوەو نادیارەکاندان و لە دەربڕینەکانی شاعیردا دەبینرێن و پێش هەمووشتێك، وەك لە سەرەتای پرسەکانی لە (بوون ) ی خودی خۆیدا دەردەکەون و دەپرسێت بۆچی زاین؟ بەواتایەکی دیکە ( لە ڕێگای بوونی خۆیەوە پرسیار لە سەر بوون دەکات ) (مارتن هایدیگەر ٢٠١٣ : ٥١ )

گۆران دەڵێت هەر لە سەرەتاو لە بوونەوە، بە بێدەنگی و بێ پرسی دیکە بێدەنگ نابین، بۆیە شاعر پرسیش لەکات دەکات و لای ئەو، وەك لەدێڕە شیعرییەکاندا دەردەکەوێت، ڕاستەوخۆ دوای (بوون ) ،پرسی (کەی؟ )دێتە پێشەوە ؛ یان بەکۆ دەپرسێت :( کەی دەمرین؟ ) ، کە مەبەستی هەموو مرۆڤێکە، ئێمە وەك بکەرێکی بێ دەسەڵات و نائەکتیف، هەتاکو ئەمرین، لەڕستە پرسییەکانیدا بەکاردەهێنێت ، واتە هیچ مرۆڤێك لەڕووی کاتەوە نازانێت کەی دەمرێت .

**ئەی وەستای بەستەی شیرین**

**ئێمە هەتاکو ئەمرین ،**

**یا ئەپرسین ، یا ئەگرین ،**

**ئیتر چلۆن بخوێنین ،**

**وەك تۆ ، وەك گشت سەرخۆشێ**

**پیاڵەی دڵخۆشی نۆشێ؟! ...**

لە دێڕی (یا ئەپرسین ، یا ئەگرین )دا ، مرۆڤ بۆ دوو جۆر دابەشدەکات، ئەو دوو جۆرەش لەڕووی بیرکردنەوەو ئاستی مەعریفییەوە، لای گۆران چەشنێك لە ئێمە، کە مەبەستی جۆرە مرۆڤێکە، هەمیشە لە ژیاندا بیردەکەنەوەو دەپرسن و پرسەکان کۆتاییان نایەت و کاتێك پرس لە بوونی خۆیان دەکەن، ئیتر پرسی دیکە لایان دروست دەبێت و لە کات و دەوروبەرو دواتریش لە مردن و دوای مردنیش دەپرسن! هەروەك هایدیگەر دەڵێت: (کەوابوو ، واتای بوون و شێوازەکانی لە سەرەتاوە لە سەر (کات ) ڕادەوەستن و ئێمەش ناویدەنێین کاتییەت. ئەرکی ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتیش لە ڕاڤەکردنی کێشەی واتای بووندا کارکردنە لەسەر کاتییەتی بوون . لەگەڵ ئاشکراکردنی کێشەی کاتییەتی بووندا وەڵامێکی کۆنکرێتیمان بۆ پرسیارەکە سەبارەت بە واتای بوون مسۆگەر دەکەین ) مارتن هایدیگەر ( ٢٠١٣ : ٦١ ) هەردوو وشەکانی بوون بەواتای الوجود و کات دوو چەمکی فەلسەفین لە بیرۆکەکانی مارتن هایدیگەرلەکتێبی (بوون وکات ) بە زمانی ئەڵمانی sein und zeit بە ئینگلیزی Being and Time ، هەروە وشەی ئۆنتۆلۆجی بەمانای زانستی بوونگەراییە (علم الوجود ) .

دازاین daseinوشەیەکی ئەڵمانی فەلسەفیانەیە هایدیگەر بەکاریهێناوە ، وەرگێر هەر بە ئەڵمانییەکەی دەینووسێت ، چونکە لە ڕستەدا لە دوای کاری (بوون ) ی کوردییەوە دێت .

چەشنەکەی دیکە لای گۆران ئەوانەی ،کە ناپرسن و تەنیا دەگرین، مەبەستی گۆران لەو کەسانەیە، کە بەبێ بیرکردنەوەو تێرامان، وەك کەسانی پێش خۆیان و ڕابەرەکانیان، لە ژیان و مردن و پاش مردن دەڕوانن، هەرگیز پرسێك بەخەیاڵیاندا نایەت، ئەمە ئاماژەیەکیشە بۆ بێدەسەڵاتی هەردوو جۆرە مرۆڤەکە و بولبولیشی لەگەڵدابێت بەرامبەر بە سروشت و بەگومانەوە بەدەشتی ژیندا وێڵ دەبێت و بۆ هەرکوێیەك ملی پرس بنێ، هەر چۆڵی و بیابانی دیکەی دێتە ڕێ . وەك شاعیرێکی ڕۆمانتیکی و ئاشنا بە هەردوو دیوەکەی ڕێبازی ڕۆمانسی، زیاتر گومان لە( بوون) ەکانی سروشت دەکات ، چونکە سروشت، ( وەکو ناوەرۆکی کاتیگۆریانەیی بونیادی هەبووە دیاریکراوەکانی نێو جیهان، ناتوانێت "جیهانێتی " بە ئێمە بناسێنێت. دیاردەی سروشتیش بەو جۆرەی هەستپێدەکرێت، بۆ نموونە: بەو جۆرەی لە بزوتنەوەی ڕۆمانتیکیدا ئۆنتۆلۆجیانە وەکو جیهان ناسرا ؛ واتە لە نێو شیکردنەوەی بوونی دازاینەوە دەبینرا ( مارتن هایدیگەر ( ٢٠١٣ : ١٢٤ )

لە کۆتایی چامەکەدا گۆران دیسان بە ڕستەیەکی پرسی و سەرسوڕمانەوە، هۆکاری نەخوێندنی خۆی، یان ڕوونتر بڵێین، هێز و جوانی شیعری ئەم ، کە ناگات بە جوانی و ڕەوانی خوێندنی بولبول ڕووندەکاتەوە، کە ئەو بەو هەموو خەفەت وپەژارەو کێشەو گرفتەوە ناتوانێت شیعرێك بنووسێت لەئاستی هونەری شیعر وخوێندنەکەی بولبولدا بێت . دیسان ئەنجامی مەنەلۆگەکەی، لەگەڵ بولبول بەوە کۆتایی دێنێت ، وەك پێشتر باسی لێوەکرا، کە ئەو کەشوهەواو زەمینەی (بوون)ە ،کە بۆ بولبول ڕەخساوە، بۆ گۆرانی شاعیر نەڕەخساوەو نابێت، بۆیە بەو کۆمەڵە گرفت و بەربەستانەوە، ئیتر چۆن توانای خوێندن و شیعر نووسینی دەبێت ؟ .

**ئەنجام**

لە توێژینەوەکەدا ، چەند ئەنجامێك بەدیهاتوون ، بەکورتی گرنگەکانیان لەم خاڵانەدا کورتکراونەتەوە:

١- ناونیشان و خاڵبەندی ، بە تایبەت دانانی نیشانەی پرس و سەرسوڕمان بەشێوەیەکی زانستیانەو گونجاو لەگەڵ واتاو واتای پراگماتیکیدا لەکۆتایی ڕستەو دێڕە شیعرییەکاندا بەکارهاتوون.

٢- ئەم تەکنیکەی گۆران بەکاریهێناوە، مامەڵەیەکی دەروونییەو پێوەندی بە ئەندێشەی فراوانی شاعیرەوە هەیە، کە مەبەستێکی زۆری لە ناخ و دەروونیدا دروستکردووەو دەیەوێت بەهۆی ئەو خاڵبەندیانەوە بەکورتی مەبەستەکانی پراکتیزەبکات.

٣- لە بەراوردکردنی ئەوشیعرەدا لەگۆڤاری گەلاوێژو دیوانی گۆران کۆکردنەوەی محەمەد مەلا کەریم، ئەوە دەبینرێت، کە ژمارەی دێڕە شیعرەکانی هەموو چامەشیعرییەکە لەگۆڤاری گەلاوێژدا ٥٦ دێڕە ، بەڵام لە دیوانی گۆران، کۆکردنەوە وئامادەکردنی محمدی مەلاکەریم ١٩٨٠ دا ٥٨ دێڕە ، دێڕی ٤٩ و ٥٣ ی بۆ زیادکراوە

٤- ئەوگلەیی وگازەندانەی ڕەخنەگران ، سەبارەت بە دەستکاریی کردن وچاککردنی شیعرەکان لەلایەن گۆرانەوە پاش بڵاوبوونەوەیان، لە ئاست وپلەی شاعیر کەم ناکەنەوە ، بەڵکو بە خاڵێکی ئەرێنی دادەنرێت ، چونکە گۆران هەمیشە لەبیرکردنەوەو گەشەو گۆڕاندا بووە ، لەپێناوی تەواوکردنی کەمووکورتییەکانیدا وبۆ جوانکردنی شیعرەکانی،ئەو دەستکارییەی کردووە .

٥- لە ناوەرۆکی پرسە نادیارەکاندا ، لە بواری سیمانتیك و واتای پراگماتیکیشدا سەرسوڕمان و لێوردبوونەوەو تێڕامان بەدیدەکرێن، بۆیە ئەو ڕستەو دێڕە شیعرانە تەنیا لە فۆرمدا پرسن، هەروەها شاعیر بەدوای وەڵامی ئەوجۆرە پرسانەدا وێڵ نابێت .

٦- گۆران لە شیعرە پرس ئامێزەکەیدا، شێوازی هێشوە پرسی بەکارهێناوە، واتە لە ڕستەیەکی شیعریدا زیاد لە ئامراز و وشەیەکی بەکارهێناوە یان بەواتا و مەبەستی جیاواز دووبارەی کردوونەتە .

٧- ئەو پرسە لۆژیکی و هزریانەی کە وەڵامەکانیان نادیارن، لە بابەتی فەلسەفی و دروستبوونی گەردوون و هاتنەدنیای مرۆڤەوەیە، نەك بۆ گۆران ، بەڵکو بۆ زۆربەی فەیلەسوف و بیرمەندەکانیش وەڵامدانەوەیان کارێکی ئاسان نەبووە ، بۆیە لای گۆرانیش بێ وەڵام ماونەتەوە .

٨- هەندێك لە پرسەکان ڕوونکردنەوەی ناساندنی ئاستی بیرکردنەوەو ئایدۆلۆژیای شاعیرەو خۆی و مرۆڤە هۆشیارو بیرمەندەکانی بەپرس و بەردەوامی ئەو جۆرە پرسانە لە ژیانیاندا هەتا دەمرن، گرێداوە. جگە لەوان کەسانێکی دیکەش هەن لە ژیانێکی بێ بیرکردنەوە و بێ پرسکردندا دەژین.

**پەراوێزەکان**

١- وشەی (پرس ) لەم توێژینەوەیەدا، لەجیاتی پرسیار بەکارهاتووە وبە ڕاستر دەزانرێت و گۆرانیش ، هەر **پرسی** بەکاربردوە ، لەهەندێك دێڕدا نەبێت! ئەویش بۆ سەرواى شیعرەکە پرسیاری نووسیوە .

٢- چاوپێکەوتنێك لە گەڵ دکتۆرعیزەدین لەرۆژی هەینی ٢٠/٤/ ٢٠١٨

٣- وەرگێڕانی دوو دێڕشیعری شاعری فەرەنسی ڕامبۆیە ، لە پەراوێزی (ژان پۆڵ سارتەر، ٢٠٠٩ :٦١ )،>وەك خۆی.

**سەرچاوەکان:**

**بە زمانی کوردی**

١- ئاڤێستا کەمال مەحمود ، (د. ) ، پراگماتیکی ڕستەی پرسیار و فەرمان لە زمانی کوردیدا ، کوردۆلۆجی، چاپخانەی ڕەنج ،سلێمانی ، ٢٠٠٩ .

٢- حەمە نووری عومەر کاکی(د. ) شێوازی شیعری نوێی کوردی ، کرمانجی ناوەڕاست ،١٩٢٠-١٩٧٠، بەڕێوەبەرایەتی چاپ وبڵاوکردنەوەی سلێمانی ، سلێمانی ، ٢٠١٢ .

٣- ژان پۆڵ سارتر ، ئەدەب چییە ؟ وەرگێڕانی مستەفا غەغوور ، دەزگای توێژسنەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی (دهوك )، ٢٠٠٩ .

٤- عومەر مەعروف بەرزنجی ، گۆران و ئەدەبی ئینگلیزی ،چاپخانەی شڤان ، سلێمانی ، ٢٠٠٦ .

٥- فازل مجید (د. ) ،سروشت لە شیعری گۆراندا ، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم ، سلێمانی، ٢٠٠٧ .

٦- فەرهاد پیربال(د.) ،شیعری نوێی کوردی ، (١٨٩٨ – ١٩٥٨) ، دەزگای کوردستان ، هەولێر، ٢٠٠٥.

٧- گۆران - دیوانی فرمێسك وهونەر لەگەڵ دوو هاوینە گەشت ،چاپخانەی مەعاریف ، بغداد، ١٩٥٠.

٨- گۆران - دیوانی فرمێسك وهونەر لەگەڵ دوو هاوینە گەشت ،چاپخانەی کامەرانی ، سلێمانی ، ١٩٧١.

٩- گۆران - دیوانی گۆران ، کۆکردنەوەی محەمەد مەلا کەریم ن بەرگی یەکەم ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق ، بغداد ن١٩٨٠.

١٠- مارتن هایدیگەر ، بوون و کات ، وەرگێڕانی محەمەد کمال ،(د.) ،دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٣ .

١١- مارف خەزنەدار (د. ) ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، بەرگی شەشەم ، دەزگای ئاراس ،هەولێر،٢٠١٠ .

١٢-  مامۆستا جەعفەر ، ڕێبوار حەمە تۆفیق ، گۆران لە یادەوەریی هاوچەرخەکانیدا ، بەرگی یەکەم ، چاپی دووەم، چاپخانەی پەیوەند ،سلیمانی، ٢٠١٢ .

١٣-  موحسین ئەحمەد عومەر (د. ) فەرهەنگی ئەدەبی ، لە بڵاوکراوەکانی ڕەخنەی چاودێر، سلێمانی ،٢٠١٢ .

**گۆڤارەکان:**

١٤-  دڵشاد عەلی محەمەد دەقی شیعری لەنێوان شاعیرو ڕەخنەگردا ،٢٠١٥ (پ .ی .د.) گۆڤاری زانکۆی کۆیە (زانستە مرۆڤایەتییەکان ، ٣٧ )

١٥-  گۆران( م ) شیعری بۆ بلبل ،گۆڤاری گەلاوێژ ، ژمارە ٢ ، ساڵی ١ ، کانونی دوهەم ١٩٤٠ ، چاپخانەی نجاح ، بغداد.

**سەرچاوە عەرەبیەکان :**

١٦-  رومان یاکوبسن ، افکار واراو حول اللسانیات والادب ، ترجمة فالح الاماره ، عبدالجبار محمدعلی ، (د. ) دارالشؤن الثقافیة العامة، بغداد ، ١٩٩٠.

١٧-  سعدو اسود خضر ، فن الکتابة ، مطبعة الثقافةوالشباب ،اربیل ،١٩٨٥ .

نیان نوشیروان فؤاد (د)، الشحنة الدینامیکیة فی الابداع الرومانسی بین ، Shelley، گوران ،نازك الملائکه ، دار سردم للطباعة والنشر ، سلیمانیه ، ٢٠٠٦.

**نامەی ئەکادیمی**

١٨-  أبوبكر عمر قادر ، پرسیار لە زمانی کوردیدا . نامەی ماجستێر ،کۆلێجی ئاداب ، زانکۆی سەلاحەدین ، هەولیر ، ١٩٩٣ .

١٩-  سامان عەزەدین سعدون، (د.) دەقە شیعرییەکانی گۆران لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زمان، سلێمانی،٢٠١٣

**توڕی ئەنتەرنێت**

دیوان العرب ، - www.diwanalarab.comعلامات الترقیم فی الکتابة ومواضع استعمالها.